

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لە مەریوان نستانییەوە، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری لینشۆپینگ و جێگری بەرپرس و وتەبێژیی دەستەی نوێنەرایەتیی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات.

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!
ئەندامان، دۆستان و لایەنگرانی حیزبە خۆشەویستەکەمان!
ئەندامان، دۆستان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان!

نەمدەویست لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا هیچ ڕوونکردنەوەیەک بنووسم، بەڵام ئاوا نەبێ پیاو ناتوانێ لەگەڵ هەموو دۆستان و ئەندامانی حیزبی دیموکرات قسە بکا و درۆ و بوختانەکانی چەند کەسێکی سەر بە جەناحی کاک مستەفای هیجری، بەداخەوە بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی جەنابیان وەدرۆ بخاتەوە، بۆیە دوای زیاتر لە ساڵێک دان بەخۆ دا گرتن بۆ ئەوەی کە ئێستا دەینووسم، نەینووسم دیارە ئێستا زۆر شتی دیکەشی پێوە زیاد بوون. ناچار بووم ڕوو لە ئەندامان، دۆستان و لایەنگرانی حیزبە خۆشەویستەکەمان و خەڵکی کوردستان بکەم و چەند شتێک ڕوون بکەمەوە، دیارە من ئێستاش هەموو شتێک هەر ناڵێم چونکە من وەک ئەوان دەستم لێنەشتوون و ئەوانم لە حیزب بێبەش نەکردووە.

لە بڕیارێکی ناتەشکیلاتی، ناحیزبی، جەناحی و هەڵنەسەنگێنراو دا کە تائێستاش بۆ من ڕوون نەبۆوە لە سەرچی بە قسەی خۆیان منیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەرکردووە!! هیوادارم بەو ڕوونکردنەوەیەی من قەڵس ببن و بینووسن، دیارە لە مەجلیسێک دا کە ڕۆژی 2006-10-07 لە شاری ئیسکلیستونا بۆ دەرکردنی من گیرابوو عەرزی هاوڕێیانم کرد کە ئەوان ناتوانن هەر لەخۆیانەوە و یەک لایەنە و بێ هیچ بەڵگەیەک ئەندامانی حیزب دەربکەن و مافی ئەندامێتی لە ئەندامانی حیزب بستێننەوە، زۆرم داوا کرد هۆکارەکانم بۆ باس بکەن شتێکیان نەبوو بۆ گووتن بێجگە لەوەی کە بە من بڵێن( هەوڵی ئاژاوە نانەوەت داوە لە ڕیزەکانی حیزب دا !!).

ڕۆژی 2006-10-09 نامەیەکی بێساحەب، بێ ئیمزا و بێ ناوونیشانیان بۆ کۆمیتەی حیزب لە شاری لینشۆپینگ ناردبوو، ئەویش بە پاکەتەکەیەوە بڵاو دەکەمەوە **بەڵگەی ژمارە (1)**، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە لە وەڵامی نامەکەیاندا کە بۆ کۆمیتەی شاری لینشۆپینگیان ناردبوو، کۆمیتەی حیزب وەڵامێکی بۆ ناردنەوە، چاو لە **بەڵگەی ژمارە (2)** بکەن، دیارە تا ئێستاش وەڵامێک بەو نامەیە نەدراوەتەوە.

چەند ڕۆژ دواتر نامەیەکی بێ ساحێبیان بۆ من ناردووە **بەڵگەی ژمارە (3)** لە خوارەوە دەقی نامەکە بە پاکەتەکەیەوە* بڵاو دەکەمەوە.


**جارێ هەر ئەوەندەی دەڵێم ئەو تۆمەتەی ئەو هاوڕێیانە سەبارەت بە سوئیستیفادە لە ئەموالی ڕێکخراوەکانی سەربەحیزب کە مەبەستیان یەکیەتیی لاوانە 100% درۆیە و هیچ ئەساسێکی نییە**، لەو پێوەندیەدا من بەڕەسمی لە دەوڵەتی سوئێد شکایەتم کردووە و لێرە یاسا ئەو مەسەلەیە یەکلایی دەکاتەوە (نەمدەویست وای لێبێ بەڵام هیچ چارەیەکی دیکە نەبوو، لەداهاتوودا هەر لەو پێوەندیەدا زۆر شتی دیکە بڵاو دەکەمەوە)، بەڵێنیش بە هەموو دڵسۆزانی حیزب و خوێنەرانی ئەو نووسراوەیەم دەدەم کە لە ئاکامەکانی ئەو شکایەتە** ئاگادارتان دەکەمەوە. تەنها ئەوەندە بەسە لێرەدا ئیشارە بە هەوڵی نا حیزبیانەی کۆمیتەی حیزب لە سوئێد، چەند کەس لە کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی لاوان بە فەرماندەیی دەفتەری پاریس و سەرپەرەشتی کاک مستەفا هیجری***، زیاتر لە ساڵێکە هەوڵی ئەوەیانە پەروەندە سازی بۆ من بکەن و بەزۆری تاوانبارم بکەن، بەڵام هەروەک تا ئێستا هەزاران جار دڵنیام کردوونەوە قەت بەو ئاواتەیان ناگەن، چونکە بە سەربەرزییەوە ڕادەگەیەنم لەو پێوەندیەدا کەمکارییەکم نەکردووە.

لەوەڵامی ئەو نامەیەدا کە بە ئیمەیلیش بۆ من هاتووە، منیش بە ئیمەیل ڕۆژی 12-10-2006 وەڵامێکم بۆ ناردۆتەوە کە لێرەدا ئەویش بڵاو دەکەمەوە، **بەڵگەی ژمارە (4).**
لێرەدا ڕادەگەیەنم وێڕای سوپاس لە هەڵوێستی بەجێ و حیزبیانەی هاوڕێیانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی حیزب کە لە ڕاگەیەنراوێک دا ڕۆژی 2006-10-11 بڵاو کراوەتەوە، چالاکانە هەروەک ڕابردوو ئەرکە حیزبی و تەشکیلاتییەکانم ڕادەپەڕێنم.

<u>پەراوێزەکان:</u>
* بۆیە پاکەتەکان بڵاودەکەمەوە چونکە زۆر سەیر نامەکانیان ناردووە، ئادرێسی پێوەنییە واتە دیار نییە کە ئەو نامانە کێ ناردوونی تەنها ئادرێسی وەرگری پێوەیە نێرەر دیار نییە، لەبەر ئەوە کە نامەکانیشیان ئیمزا نەکردووە ڕەنگە بۆ ئەوەش بێ کە ڕۆژێکی وەک ئەوەی ئێستا حاشای لێبکەن. (بڵێی ئەو کارە بکەن!!)
** زۆرجاران لە زۆر جێیان بیستوومەتەوە کە دەڵێن گوایە من، شکایەتم لە حیزب کردووە و شکایەتم لە یەکیەتیی لاوان کردووە و ... لەو بارەیەوە پێمخۆشە ئەوە بڵێم من خۆم بە جیا لە حیزبی دێمۆکرات و یەکیەتیی لاوان نازانم تا شکایەتیان لێبکەم، ئەگەریش ئەوان ڕاست دەکەن با شکایەتەکەی من بڵاوبکەنەوە با بۆخۆشم بزانم چیم گووتوە، شکایەتەکەی من تەنها لە چەند کەسێکە کە ئەو تۆمەت و بوختانانەیان بۆ من سازکردوون.
*** لەو پێوەندیەدا وەختی خۆی هێندێک بەڵگەنامە بڵاو دەکەمەوە.

## بەڵگە نامەکان:

## بەڵگە نامەی ژمارە 1




**ڕووی یەکەمی پاکەتی نامەکە**




**ڕووی دووهەمی پاکەتی نامەکە**

لەژێر ئەم لاكێشەیەدا ئادرێسی یەكێک لە ئەندامانی كۆمیتەی حیزب لە شاری لینشۆپینگ نووسراوە

بۆ بەرێز كومیتەی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران لە لینشۆپینگ.

سڵاوێكی شۆڕشگێڕانە!

بەرێزان بە هۆی ئەم نوسراوەیە ئاگادارتان دەكەینەوە كە كاک مەریوان نستانی لە ریزی حیزب دا نەماوە. تكایە بەرپرسیایەتی كومیتەكەتان لە لینشۆپینگ بە هاوێیەكیتر بسپێرن.

حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران كومیتەی سوئێد
09-10-2006

1

## بەڵگەنامەی ژمارە 2

Democratic Party of Iranian Kurdistan
Sweden Committee.
Linköping

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران / سوئێد
کۆمیتەی لینشۆپینگ

ژمارە: 000123
تاریخ: 11-10-2006

بەڕێز کاک حەمەعەلی عینایەتی!

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە!
نامەیەکی بێ ئیمزاو بێ مۆر و لە ڕاستیدا بێ ناو و نیشان بە ئادرەسی یەکێک لە هاوڕێیانی ئەندامی کۆمیتە، بۆ کۆمیتەی حیزب لە لینشۆپینگ هاتووە.

لەم لاپەڕەدا کە خەتو نیوێکی لەسەر نوسراوە، باسی نەمانی هاوڕێی بەرپرسی ئێمە کاک مەریوان نستانی لە حیزبدا دەکاو، لەهەمان کاتیشدا بە ئێمە ڕادەگەیەنێ کە بەرپرسێکی دیکە بۆ خۆمان دیاری بکەین!!

نەشیان نوسیوە کە کاک مەریوان نستانی بۆخۆی حیزبی بە جێ هێشتووە، یان ئەو کەسانەی کە ناوی خۆیان نەنووسیوە لە حیزبیان دەرکردوە و لەسەرچی دەریان کردووە؟!

ئێمە ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە شاری لینشۆپینگ داوا لە جەنابتان دەکەین کە ئەو کەس یان کەسانەی بە نێوی کۆمیتەی حیزب لە سۆئێد ئەم نامە نامەسئولانەیان بۆ کۆمیتەی ئێمە ناردوە ببیننەوەو سزای حیزبیان بۆ دیاری بکەن.

ئێمە گومانمان نی‌یە کە حیزبی ئێمە نە قەت کردەوەی لەم چەشنە دژ بە ئەساسنامەی خۆی ئەنجام داوە و نە لەمەودواش بەم چەشنە دەگەڵ ئەندام و کەس و کاری خۆی دەجوڵێتەوە.

بەپێویستی دەزانین بۆ ڕەوینەوەی هەر چەشنە گومانێک ئێوە ئەو کەسانەی ئەوکورتە پەیامەیان ناردەوەو ئاگادار بکەنەوە کە کاک مەریوان حیزبی بەجێ نەهێشتووە و دەگەڵ ئێمە کاردەکا، هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ، بە کەسێکی حیزبیو دڵسۆزی دەناسین، نەتەنیا لە کۆمیتەی خۆمان لای نابەین بەڵکو هەروەک جاران بەرپرسی کۆمیتەکەمانە.

حیزبی دێمۆ کراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی شاری لینشۆپینگ

مەریوان نستانی
کەریم ڕەحمانپوور
کوێستان بابایی
جەلال عەبدی
محەممەد حەبیبی


وێنە بۆ:
ئارشیڤی کۆمیتەی حیزب لە شاری لینشۆپینگ.

Telefax: 0046134822082, Tel: 00467567556, Email: mariwan.ni@gmail.com
www.kurdistanmedia.com, www.pdki.org, www.pdki.se
Box 535, 581 06 Linköping.

## بەڵگەنامەی ژمارە 3




**ڕووی یەکەمی پاکەتی نامەکە**



**ڕووی دووهەمی پاکەتی نامەکە**

## بەڵگەنامەی ژمارە 3

لەژێر ئەم لاکیشەیە دا
ئادرێسی پۆستیی من
نووسراوە.

کاک مەریوان نستانی

لەگەڵ سڵاو!

بەم شێوەیە پێتان ڕادەگەیەنین کە ئێوە بە هۆی پێ شێلکردنی ئوسول و پرینسیپەکانی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب و کارشکێنی و تێکدانی یەکێتی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی حیزب لەم چەند ساڵی دوایی دا و هەر وەها کەڵک وەرگرتنی ناشیاو و ناپەسەند لە ئیمکاناتی ڕێکخراوەکانی حیزب، لە سەر بڕیاری کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە سوێد، مافی ئەندامەتی و گشت بەرپرساییەتیەکت لێ وەردەگیرێتەوە و لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی ئەم حیزبە دەردەکرێیت.
تکایە بە زووترین کات خۆتان بۆ تەحویل و پاکانە حیساب لە گەڵ ئۆرگانی پێشووت ئامادە بکە.
وێنە بۆ نوێنەرایەتی حیزب لە دەرەوەی وڵات. پاریس

کومیتەی سوێد
حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران
ڕێکەوتی ڕاگەیاندن 8 / 10/ 2006

**ڕۆژی 2006–10–12 ئەم نامەیە بەدەستی من گەیشتووە.**

**بەڵگەنامەی ژمارە 4**

**....................**

**مەریوان نستانی**
12-10-2006

**بەڕێز خاوەنی ئیمەیلی**
pdki.sweden@hotmail.com

**سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە!**

**لە پێش هەموو شتێکدا حەزدەکەم ئەوەت پێڕابگەیەنم کە ئەو بڕیارە نابەجێیەی ئێوە بە تایبەت لە هەل و مەرجی ئێستادا لە لای من هیچ ئەرزشێکی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی نییە.**

**من ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانم و بە هەموو توانامەوە بۆ خزمەت بە حیزبەکەم کار دەکەم، ئێوەش ئەو تاقمەی کە پێتان وایە نوێنەری حیزب و خاوەنی حیزبن بەلای منەوە جێگای پرسیارە چۆن دەتوانن ئەو ئیدیعایە بکەن، چونکە بێجگە لە تێکدانی ڕیزەکانی حیزب و ئاژاوەگێڕی و دووبەرەکی نانەوە و تێکدانی ڕیزەکانی یەکیەتیی لاوان و دەخالەتی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ و نابەجێ ئێوە لەم ڕێکخراوەدا کارێکی دیکەی شایانی باستان نەکردووە کە ئیبداعی خۆتان بێ.**

**هەروەک لەو مەجلیسەی کە بۆ دەرکردنی منتان گرتبوو و پێم ڕاگەیاندن، ئەگەر قەراربێ کەسێک لەسەر ئاژاوەگێڕی و دووبەرەکی نانەوە دەربکرێ ئەوە ئێوەن کە دەبێ دووجار دەربکرێن، ئێوەی کە لە حیزب و سیاسەت دا بەداخەوە تا ئێستا هەر شتێکی ڕۆاڵەتی فێر بوون و بەس، چۆن ئیزن بە خۆتان دەدەن بە بێ بەڵگە و دەلیل و تەنیا بە تاوانی جیاوازی بیروبۆچوون من لە ڕیکخراوێک کە هەموو سەرمایەی فەردی و بنەماڵەیمان لەسەر داناوە دەربکەن؟! ئێوە کام لەو پرێنسیپانەی پێڕەوی نێوخۆتان لە بەر چاو گرت؟ ئایا بە دەم یان نووسراوە منتان سەرکۆنەکرد؟ ئایا قەت هەوڵتان دا جارێک سەبارەت بە هەڵەکانم!!! وشیارم بکەنەوە؟ ئایا هیچ کام لە بەرپرسایەتییەکانمتان وەرگرتەوە؟ ئایا لە حیزب هەڵتان پەساردم؟ ئێوە لانی کەم دەبوو پێڕەوی نێوخۆتان خوێندبایەوە و بە پێی ئەو هەڵس و کەوتتان لە گەل من کردبایە.**

**پێم خۆشە ئێوە بەڕێزان لە شتێک ئاگادار بکەم کە شانازی خەبات لە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتدا بە ئاسانی و بە دانانی مایەیەکی کەم دەست نەکەوتووە و هەتا بە هاسانی و بە قەبووڵی بڕیارێکی ئاوا بێ بناغەش لە دەستی بدەم. ئێوە دەبوو ساتێک لە گەڵ ویژدانی خۆتان خەڵوەتتان کردبایە کە بزانن من بۆ خەبات لەناو ریزەکانی حیزبدا چ مایەیەکم داناوە.**

**من بە هەناسە ساردی چاوم لە بێشکەی حیزبی دێموکڕاتدا بە دونیا پشکووتووە و لە ناو بنەماڵەی ئەو حیزبەشدا فرچکم گرتووە و گەورە بووم و پێش دایە و بابە فێری کوردستان و پێشمەرگە و ئازادی بووم، بەڵام ئێستا "ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرام کراوە ئەو مەسەلەیەش لە ئەندامانی حیزبی ئێمە ڕوویداوە".**

**بەرپرسەکەتان!!! بە من دەڵێ خیانەتکار، دیارە بۆ گەیی کردن نابێ لەبەر ئەوە ڕەنگە بە داخەوە تا ئێستاش فەرقی خەباتکار و خەیانەتکار فێر نەبووبێ، هەروەک ئەو ڕۆژە بە حزووری خۆشتان عەرزم**

کرد هەرکەس جارێک بە من بڵێ خیانەتکار ئەو دووجاران خیانەتکارە، یەکێکی دیکەشتان دەستوپێی وونکردبوون و 2ی سێپتامبری* لێ ببو بە 11ی سێپتامبر، **بەڵام بۆ یەک وشەش باسی ئەوەتان نەکرد کە من کەڵکی نەشیاو و ناپەسەندم لە ئیمکاناتی ڕێکخراوەکانی حیزب وەرگرتووە!!** (مەبەستتان یەکیەتیی لاوانە، ناسری فەقیر قسەیەکی نەبوو بۆ کردن، کاتێک کە عەرزم کرد جەنابیان کڤیتۆکانی لاوانی دزیون بۆ ئەوەی بەمن بڵێ کە سوئیستیفادەی ماڵیم کردووە.)، چونکە بۆخۆم حزوورم هەبوو و وەک هەمیشە، ئێوە ناتوانن لانیکەم لەبەرامبەر خۆمدا درۆم بۆ هەڵبەستن، ئەو قسەیەتان باجێکی زۆری هەیە و دەبێ لەبەردەم دادگا و قانوونی وڵاتی سوئێد دا بیدەن، من زۆر سەبرم گرت و تەحەمولی زۆر شتم کرد، بەڵام لێرەڕا پێتان ڕادەگەیەنم کە ئیدی تەواو. دڵنیاتان دەکەم حیزبیش تا سەر لەو گێژاوەی ئێستای دا نابێ و خەڵکی وەک ئێوەش "با"ی تەبایی و دڵسۆزی بۆ حیزب و ئامانجە پیرۆزەکانی دەتان با، حیزبی ئێمە لە مێژووی دوورودرێژی خۆیدا زۆری وەک ئێوەی لەدوای خۆی بەجێهێشتوون.

شتێک کە سەرنجی من ڕادەکێشێ ئەو ترسنۆکی و چارشێو دەخۆ وەرگرتنەی ئێوەیە، بۆ ئادرێسی خۆتان لەسەر نامەکانتان نانووسن؟ بۆ نامەکانتان ئیمزا ناکەن؟ بۆ ناوی خۆتان لە ژێر نامەکان نانووسن؟ بۆ لە کاغەزی ڕەسمی حیزب ئیستیفادە ناکەن؟ بۆخۆشتان دەزانن حیزب بڕیاری وا نادا؟! یان، مەبەستی دیکەتان هەیە کە پێتان وایە شوێنە ونکەی دەکەن؟

پەراوێز:

*** لە ڕۆژی 2ی سێپتامبری 2006 دا جەناحی کاک مستەفای هیجری یەکیەتیی لاوانیان لە وڵاتی سوئێد کردە دوولەت و ئیجازەی ئەو کەسانەیان نەدا کە سەربە جەناحی ئەوان نین بچنە ناو سالۆنی کۆنفرانسەوە لە ئاکامی ئەو هەڵوێستە نادیموکراتیکەی ئەواندا ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی بەشداری کۆنفرانس هەڵوێستیان گرت و کۆبوونەوەی بەناو کۆنفرانسیان بەجێهێشت، بۆ ئەم مەبەسە نیگابانیان لەبەر دەرگا دانابوو و هەموو کەس دەبوو لە لیستی ئەواندا هەبێ جا بۆی هەبوو بچێتە ژوور ئەو لەتکردنەی لاوان بە چاودێری و سەرپەرەشتی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد بەڕێوەچوو کە هەموویان سەر بە باڵی بەڕێز کاک مستەفا هیجرین.**

لە کۆتایی دا هیوادارم، باڵی زۆرایەتیی لە کۆمیتەی ناوەندی حیزب دا هەڵوێستێکی حیزبی و شۆڕشگێڕانە بگرن و پێکەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی حیزب، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو قەیرانەی ڕزگار بکەن، حیزبی دێمۆکرات بە هەمووانمانەوە جوانە، خەڵکی کوردستان و دۆستەکانمان حەزدەکەن حیزبەکەمان بەهێز و لەمەیدان دابێ. هاوڕێیان من چەند جارێکی دیکەش بە نامەی سەر ئاوالای نێوخۆیی ڕێبەرایەتیی ئێستای حیزبم لە گیروگرفتەکانی حیزب بەگشتیی و یەکیەتیی لاوان بەتایبەتیی ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ وەڵامێکیان نەبووە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ.

بژی یەکڕیزی و تەبایی، بژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران